# ناولێنان نامۆکردنێکی تری زمان

سیروان علی

1/11/2009

زمان لەسەرەتادا لە کۆمەڵێك فۆرمی تایبەت و زۆر سادە پێکهات، کە بۆ ڕاگەیاندن یان بە ئەنجام گەیاندنی کارێك دەردەبڕان ، هەروا پیتسازی وشە و ڕستەسازی واتای زمانیان هێنایە بوون، ناو و کردار دوو پێکهاتەی سەرەکی زمانن، بێجگە لە ئامرازەکانی پەیوەندی و یارمەتی و شوێن و کات .. هتد. پیتەکانی وشەی (کردار) سەرەتا و لەدایکبوونی زمانن, کە لە پێش (ناو) بناغەیی زمانیان پێکهێنا.ئەم دەرئەنجامە دەکرێت وەڵامی پرسیارێکی سەرەکی فەلسەفەی پێویستیی زمانی هێنایە ئارا. کە گرنگترین پرسیار ئەوەیە؛ کەی پێویستی زمان هاتە بوون؟ دیارە بێگومان ئەو کاتەیە، کە دواندن هاتە بوون. ئەی دواندن کەی هاتە بوون؟ وەڵامی تێۆری ئەم پرسیارە بەم جۆرەیە: مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ڕۆژانەی و بۆ بەرگری مەترسی لەناوچوون و هێرشەکانی سروشت و ئاژەڵان پەنای بردە بەر ژیانکردن لە ناو کۆمۆنە سەرەتاییە لە جەنگەڵکاندا و لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی کاری هەرەوزی و زاڵبوون بەسەر ئەو مەترسیانەدا دواندن لە نێوان یەکدیدا گرنگی و پێویستی خۆی سەپاند و لەڕێگەی هێمای جەستەی و دەنگدەرهێنان بە ژێکانی قوڕگ لەناو جەنگەڵەکاندا و لاسایکردنەوەی دەنگی ئاژەڵان فۆرمە سەرەتایەکانی دواندن دەستی پێکرد. دواتر زمانیش وەکو بەشێکی ئەکتیڤی جەستە هاوتای بەشەکانی دی بە فۆرم و جوڵەی ئاڵۆزتر و کارامەتر زمانیان هێنایە بوون. بەهەرحاڵ تیۆرە جیاوازەکانی سەرەتای ئامرازی سەرچاوەکانی زمان چەنە هەمەجۆربن زۆر ناوڕۆکی بابەتەکەی من نین ، ئەوندەی قسەکردنە سەبارەت کاردانەوە و کاریگەری کارە لە مێژووی سەرهەڵدانی زمان بە ناوەڕۆك و بەهای واتاکانیشەوە.

بەئەنجام گەیاندنی کارەکان پاڵنەری سەرەکی شرۆڤەی زمان بوون. هەر وەکو لێکۆڵەرێك دەڵێت پێویستی زمان ئەو کاتە هاتە بوون بۆ" جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە خۆمان ناتوانین ئەنجامیان بدەین لەلایەن کەسانی دیکەوە". واتا کار چەقی پێویستی سەرهەڵدانی زمانە و (کردار)یش بناخەی ڕستەسازییە سەرەتایەکانی زمانە. هەرچی (ناو)ە وەکو پاشکۆی کردار هاتە ناو زمانەوە و لەسەردەمێکی دواتردا لەناو بونیادی زمان و ورستەسازیدا جێگای خۆی کردەوە. بەڵام ناو (دال) کە دواتر ڕۆهەندێکی ئاڵۆزتری لە خۆیدا بەرجەستە کرد ئەویش بەدووبارەکردنەوەی یان جێگۆڕکێکردنی ناوی شتێ یان ئاوڵناوێك بۆ شوناسی مرۆڤێك یان گروپێکی کۆمەڵایەتی، کە پێی دەڵێن ناولێنان (مدلول). کە ئەرکی بەهاکان و واتاکانی زمانیان بە پێی پیگەی کۆمەڵایەتی و نەریت و باوەڕەکانی مرۆڤ هاوتەریب کرد. کەواتە ناولێنان لەتەك جیاکاری و پێویستی ناسینەوە و شوناسەوە خزایە ناو زمانەوە. بەڵام جیاکاری و ناسینی چی و بۆ و کام شوناس؟

(کردار و ناو) دوو کاراکتەری جیاوازی ناو زمانن. (کردار) چۆن سەرەتای شرۆڤەی ڕستەسازی و بەهای زمانە ئاواش داینەمۆ و مۆڵگەی گۆڕانکارییەکانی ناو زمان و واتاکانێتی یان وەکو کارکتەرێکی شۆڕشگێڕی ناوەوەی زمان دەتوانین ناوزەدی بکەین. ئەوە داهێنانەکان و بەرهەمەکانی کارن، کە ساڵانە قەبارەی فەرهەنگی زمان فراوان دەکەنەوە بە تایبەت زمانی ئەو میلەتانەی کە پێشکەوتنی کار لەناویاندا لە برەودایە. (ناو)یش کە ڕۆڵێکی پاشکۆیی دەگێڕێ لە دەسپێکی سەرهەڵدانی زمان هەر بە هەمان شێوە ئەگەر بە زمانی سیاسی پێناسەی کەین ڕۆڵی کۆنەپارێزی دەگێڕی لە ناو پێکهاتەی بەهاکانی زماندا، ئیش لەسەر پۆلینکردن و دەسبەسەراگرتنی کارای و خەسڵەتی ئاژەڵان و دیاردە سرووشتێکان وە خۆ بە خاوەنداریانە بۆ مرۆڤ بە شێوەیەکی فانتازیایی بێ بنەما لە ڕیگەی زمانەوە و لێسندنەوەی واتا و ناوەڕۆك و کارایی هەموو شتەکان ، کە ڕیگرە لە بەردەم زمانێکی واتابەخشی ڕاستگۆیانە . ئەوە (ناو)ە جیهانبینی چینایەتی و جیاوازی ڕەگەزی و خۆبەخاوندارێکردنی گۆی زەوی بە زیندویی لەناو زماندا دەهێڵێتەوە، (ناو) پیرۆزی لە ناو خۆیدا هەڵدەگرێ وە خەسڵەتی نەمری و ئاکاری ئەفسانەیی و ئاژەڵی ئەدا بە مرۆڤ ، لە هەمان کاتدا ناولێنانەکانیش بە شێوەیەکی نایەکسان و جیاواز و تەریب لەتەك پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازی مرۆڤەکان دابەش دەکات . (ناو) نەریتە دواکەتووە کۆنەکانی ڕابردوو لە ناو شارستانییە پێشکەوتووەکاندا بە زیندوویی واتایان پێدەبخشێتەوە. هەر ئەویش وەکو بۆماوە بەردەوامی پێدەداتەوە. هەر ئەوە قورسایی نەریت و کەلتوورە دواکەوتووکان لە ناو زمان سەنگین دەهێڵیتەوە . لەکاتێکدا کەرەسەی کار و بەرهەمەکانی چەندین هەنگاو بەرەوپێش چووە، کەچی (ناو) هەر لەسەردەمی کۆندا وابەستەمان دەکات.

"هەموو شتێکی دروست لەناو خۆی دا شتێکی نادرووستی هەڵگرتووە . ئەوەی ئەمڕۆ ڕاستە سەبەینێ ناڕاستە هەر ڕاستییەکانی سبەینێ ئەبن بە ناڕاستی لە داهاتوو ". بە پێی ئەم فۆرمە جەدەلیەی مارکس دەکرێت، ڕۆڵی جیاوازی ئەم دوو کارکتەرەی ناو زمان پێناسە بکەین و ونکردنەوەی زیاتریان لەسەر بدەین، کە چۆن وەکو دوو جەمسەری دژبەیەك جدەلیانە لەناو بونیادی زماندا کار دەکەن، کە هەریەکەیان هەڵگری خەسڵەتی ڕاستی و ناڕاستییەکانە. ئەوە (ناو)ە ناڕاستی ناو واتاکانی زمان بە پەنهانی دەشارێتەوە و هەر ئەویشە ڕێچکە و توولەڕیگەکانی ڕاستی سبەی لە پیرۆبیەکانی ئەمرۆی ناڕاستیدا ڕوخسار شێواو و تەماوی و بزر دەکەن!. بەڵام ئەوەش کردارە پێویستییەکانی سبەی دەبینێ و کورت مەودایی کەرستەکانی ئەمرۆی ناو زمان دەبیزوێنێ ! وە هەروەها دەتوانین بڵێین ناو سەرخانە شێواوەکەی زمانە، کە واتاکانی هەڵخەڵەتێنەرن و خەونە بەسەرچووەکانی پێش هەڵگری مرۆڤ یان گرووپی ناولێنراوە، بەڵام کردار و کار ئەو ژێرخانە مەزنە و سەرچاوە لەبننەهاتوە و گەشەسەندنەی زمانە ، کە واتاکانی هێشتا پێنەگەیشتوون و پیر نەبوون واتای نوێ لە پراکتیکدا بەرهەم دەهێنێتەوە.

بۆ گشت ئەمانە پێم خۆشە بەڕوونی بچینە ناو باسکردنیانەوە. هەر کاتێك کردارێك یان خەسڵەتێك بوون بە (ناو) وەکو شوناسی کەسێك یان نەتەوەیەك یان ڕۆژنامەیەك ...هتد ئەوە ئیشی کۆنەپارێزی زمانە لەسەر جەستەی مانا ئکتیفەکەی ئەو دیاردەیە. سەرەتا ناوی مرۆڤەکان بە ناوی ئاژەڵان یان دیاردەکانی سروشت ناو لێدەنران ، کە بۆبە شوبهاندن یان بۆ بە پیرۆزکردنی کەسایەتێکە بەکاردەهات، واتا تواندنەوەی کارایی شتەکان لەناو جەستەی مرۆڤەکان و پۆلینکردنیان و کونترۆڵکردنی دیاردە سروشتییەکان لەڕێگەی زمانەوە . دیارە تا ئەو شوێنەی سەرسیمابوونی مرۆڤ بەس لە ئاژەڵ و سرووشت چوارچێوەدار بووە تا ئەو ڕادەیە (ناو) هەوڵی ئەوەی داوە شوبهاندن و پیرۆزبیرکانی ڕەهبەتی مرۆیی لەم ڕیگەیەوە دەستەبەربکات ، چەندە کۆمەڵگەکان خاوەنی داهێنانی گەورە بووبن، ئەوەندەش دوورکەتنەوە لەم خەسڵەتە سەرەتایەی ناو لێنانە ، بۆیە دەبینین لە شارستانێتە پێشکەوتووەکان ناو و ئاکارەکانی ئاژەڵ و سرووشت بەو ڕادەیە بە ناوەکانی مرۆڤەوە پەیوەستنین.

ئەوە زمانە لە ڕێگەی (ناو)ەوە جارێکی تر قڵشتە ئتنیك و ڕەگەزی و چینایەتییەکان بەرجەستە دەکەن، کە بە نایەکسانی ئاکارە جوداکان وە بەپێی شوێن و ڕنگدانەوەی کۆمەڵایەتی هەریەك لەو جەمسەرە جیاوازانەی ناو کۆمەڵگە دابەش دەکەن . تەنانەت جیهانبینی مرۆڤ خۆی بۆ ڕۆڵە باش و خراپ و ئازا و ناچالاك و چالاکەکانی ئاژەڵان کە هەیەتی بۆ هەر یەك لە (ناو) و (کردار) بە جۆرێکی جیاواز مامەڵە دەکات ، وە هەریەك لە ناو و کردار بە جیاوازی پشکیان بەر دەکەوێت . بۆ نمونە ناوی (شێرزاد) ناوێکە هەم سەرسیمابوونە بە (شێر) هەم درێژەدانە بە پیرۆزکردنی (زاد)ە ، کە پیرۆزکردنی ئیئنتمای خێزانی لە جیهانبینی مرۆڤەوە تاپۆ کراوەتە ناو زمان . بە هەمان شێوە کاتێ کە ناوێك نابیستی بەم جۆرە بێت وەکو( کەرزاد) لەبری (شێرزاد) یان (کەرکۆ) و (بەرازکۆ) لەبری (شێرکۆ) لەبەر نزم سەیرکردنی مرۆڤە بۆ ڕۆڵی (کەر) کە جێگەی قەبووڵ نییە وە تەوز لێدانە لە زادەوە هاتنەخوارەوەی پێگەی خێزانە. لە کاتێکدا هیچ بوونەوەرێکی مرۆیی نەیتوانیوە توانایی هیچێك لەو ئاژەڵانە نە (شێر) نە (کەر)یش وەك خۆیان بەرجەستە بکاتەوە ، ئیتر ئەم دابڕانە لە نیوان واتا و زمان چی دەگەینێت گەر فەنتازیای پیرۆزکردنی جیاوازییەکان نەبێ و خاڵ و شۆینی درز و ڕوخانی زمانی دابەشکرا وو شوناسی میرات و دابڕاو لە واتاو ڕاستییکان نەبێت ، کە بێجگە لەوەی بە هەمان ڕادە بایەخنەدان و بێنرخکردنی توانای ئاژەڵانە.

بەڵام کاتێ دێینە سەر (کردار ) زۆر ئاساییە دەڵێین (ئیشکەر) واتای (ئیشی.. کەر) کۆمەڵگەی قازانج و دامەزراو لەسەر بەرهەمهێنان پێی سروشتیە (کەر) لە ڕێگەی کارەوە بێتەوە ناو زمان شەرەفی خەسڵەتەکەی بداتە مرۆڤ، کە نمونەی زۆر هەن لە بارەی خەسڵەتی کارەوە وەکو و ( نێرەکەر ) وە (بەراز)... هتد. جارێکی تر لە ڕێگەی (ناو) ڕیگە نادرێ ڕەگەزێکی مێینە پێی بخاتە ناو دنیای نێرینە و هەڵگری خەسڵەتی هاوجۆری ئاژەڵی بێت وەکو ناوی شێرزاد ، یان هیچ نێرینەیەك ناوی ( ئاسکە ) نییە . بەڵام لە

(کردار)دا ئەتوانن هەردووکیان خاوەنی خەسڵەتەکان بن، بەو پێیەی کە ژیان دەکەن و لە توانایاندا هەیە. کەواتە کۆمەڵگە لە ڕێگەی ناولێنانەوە نامۆیی زمان و دابڕانیان لە واتاسازی کۆنکریت تر دهێنێتە پێشچاو. وەك چۆن دنیای ململانێیی نیوان کار و سەرمایە خاڵی وەرچەرخانی کۆمەڵگەن، ئاوهاش دنیای ململانێیی نێوان واتاکان و زمانی پیرۆزکراو لە (ناو)دا خاڵی وەرچەرخانی زمانێکی شێواو گەوجانەی ئەمڕۆیە بۆ زمانێکی غەیرە نامۆ وە پڕاوپڕ بە دەربڕین و واتاکان .

من پێموایە نەریتی کۆنەپارێزی یان ئەوەی مارکس دەڵێت"مردووەکان دەمرن، بەڵام دەستیان لە چەمکی کراسی زیندوەکان بەرنابێت" لە دنیای زمانەوانیدا ئەوە ناوە ئەم وابەستەبییە لە ڕێگەی پیرۆزیەوە دەگوازێتەوە و دەستکاریکردنیان حەرام دەکات.

هەر چەندە ناولێنان ئاڵوگۆڕێکی لە خۆدا بینیوە دوای پەرەسەندنی توانا و کارای مرۆڤ چ وەکو تاك چ وەکو بزووتنەوە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و داهێنانەکانیان ، بەڵام بەبێ جێهشتنی نەریت و فۆرمی کۆنی ناولێنان بەڵکو وەکو ازافەیەکی خراپتر هاتە ناو زمانەوە. ئەم جارەیان (ناو) دێت لە ڕێگەی پیرۆزکردن و نەمری و لە ئاساییکردنەوەی مرۆڤی ڕابردوو وابەستەی دوێنێمان دەکات. واتابەخشەکانی دوێنێ سەقامگیردەکات لە ڕۆژگارێکی پێشکەوتوتر وەك ئەوەی زمان پێمان بڵێ من ناهەقیم لەتەك ئەوانەی دوێنێ کردوە، دەمەوێت نەوە نوێ باجی بداتەوە. بۆیە مرۆڤی گرگن جارێکی تر توانای تاکێکی هەزار ساڵ پێش ئێستا لە منداڵەکەی بەرجەستە دەکاتەوە ، کە لە بناخەیدا گرێی نەتوانینەکانی خۆی و بێئیرادەبوونێتی. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەچمە ناو کۆمەڵێك نموونەی ناولێنانی تاکەکەسی و گرووپی بەبێ جیاوازی بیروبۆچوون و هەوڵەکانی ئەو کاراکتەرانە. بۆ نموونە ناوی سێهەمین خلیفەی ئیسلام (عثمان بن عفان)ە کە واتای ( توولە ماری کوڕی گەنیو) دەگەێنێت، کە لە سەردەمی خۆیدا بەرجستەی سەرسیمابوونی مرۆڤە بە ئاژەڵی ژەهراوی کە مارە ، کە ئەم مرۆڤە هەڵگری بووە، هێنانی خەسڵەتی گەنیو و کردنی بە ناوی بابی بۆ دوورخستنەوە و پاریزگاری مرۆڤەکەیە لە بەڵا و کارەسات. کە دەکرێت بەهیچ شێوەیەك ئەو مرۆڤە لە ژیانی خۆیشیدا توخنی مار نەکەوتبێت، بەڵام دوای پینج سەدساڵ بەسەر مردنی ئەو مرۆڤە کۆمەڵگە منداڵەکانیان بە خاتری پیرۆزکردنی ئەو مرۆڤە ناوی ئەم ئاژەڵە بە جۆرێکی تر بە پیرۆزی ئەهێننەوە ناو زمان، کە ئەم جارەیان دەستبەسەرگرتنێکی شێتانە و گەوجانەی مرۆڤە بۆ ئەوکارکتەرە مرۆیەی لە سەردەمیکی کۆنتر کە بە هەوڵێکی تێهەڵکێشراوی دوولایانە دەرکەوتووە.

نموونەیەکی زۆر بەهێزتری ئەم داگیرکایەی زمان بۆ سەر کارایی کاراکتەرێکی خاوەن سایەی مەزن لەسەر مرۆڤ پەیامبەری ئیسلام (موحەمەد)ە. کە لە ڕێگەی دووبارە ناولێنانەوەی ناوەکەی بەشێك لە نەمری پێ دەبەخشرێتەوە، وە ئاکارەکانی زیندوو

ڕادەگرێن، کاتێ دوای هەزار ساڵ زیاتر خەڵکی ناوی ڕۆڵەکانی خۆیان بە هەمان ناوەوە دەنێن، ئەوە درێژکردنەوە و دووبارکردنەوەی خەونی دەسەڵاتگەراییە لە ڕێگەی مانەوەی ناوێکەوە بەسەر هەموو بیروباوەڕێك وە بیرهێنانەوەی کۆمەڵگەیە بەو چەشنە سایەکردنە، ئەگینا ئەو کەسەی ئەمڕۆ ناوی(موحەمەد)ە مەرج نییە خاوەنی بیروباوەڕی ئاینیش بێت و ڕەنگە زمانی عەرەبیش هەر نەزانێت وە لە ژیانیشیدا قەت (دشداشەی) لەبەر نەکردبێت. بەڵام ئەوە (ناو)ە کە بە مێژووی ڕابردووی هەزار ساڵەی ئەزموونی مرۆڤێك زمان وابەستە و لاڵ دەکات، وە هەر ڕۆڵی شۆڕشگێڕی (کردار)ە لە ناو زماندا ( موحەمەد)ی ئەمڕۆ تۆزێ ئەزموونی دوێنێ لە خۆی دەتەکێنێ دەبێ بە موزیکژەن و بە زمانی کوردی قسەدەکات لە ولاتی هۆڵەندا پیاسە دەکات. زۆرن ئەو ناوانەی لە چەشنی ( پاڤێڵ و جیڤارا و ئۆژین و ڕۆزە و ژووبین ...) کە هەوڵێکی تری مرۆڤە بۆ دووبارکردنەوەی کۆن و سۆزداریکردنە لەتەك ڕابردوو و بێتوانایی و قەبووڵنەکردنی نوێیە  زیندانیکردنی بوونی نەوەکانە لە ناو کارئەکتەرە جێ سەرنجەکانی پیاوە گرگنەکانی ناو خێزان.

ئەم پرسە چەندە بۆ کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەرکەوتەبێت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان شاراوەنییە . بۆ نموونە ناوی ژنێك کاتێ هاوسەری دەکات لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەك ناوی خۆی بزر دەبێت، بەڵکو ناوی باوکیشی دەگۆڕدرێت و  ناوی زادەی مێردەکەی وابەستەی پیناسەی دەبێت. زمان لەڕێگەی گۆڕینی (ناو) بە نەریتێکی پیاوسالارانە  میژووی کەسایەتی و زادەی کۆنیشی دەسرێتەوە. بۆ ژنانی ئەو ولاتە لە پێناو شەڕکردنیان لە دژی جیاوازی جەندەری دەبێت شەڕێکی گەورەیان لەتەك ناولێنان هەبێت. کە لەم ڕێگەیەوە شوناسیان بزر دەکرێت، پەیوەندی و ڕەسەنایەتی خۆینی پیاو و باوك بەرجەستە دەکرێت.

کاریگەرییەکانی ناو دیارە هەر بەم شێوە ناوەستێت لە دنیای ئەمڕۆدا. (ناو) وەکو (سەنەوی و تابۆ) وایە پەیوەندی مرۆڤە لەتەك موڵك و خێزان وابەستەی نەریت و خاوەندرایێتی خاك و دوکان و ماڵ کە زمان کۆتوبەندکراو دەکات. (ناو) ئەو پلان و (شەجەرە)یە کە تۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو سەربەرزییەکان و سەرشۆرییەکانی باو و باپیران ، دەتکاتە خاوەنی موڵکێك کە بە هیچ جۆرێك ڕەنجت تیدا نەداوە ، هەر ناوە یەکێکی تر بێبەش دەکات یان مافەکانی نیوەناچڵ دەکات. کاتێك ناوی سیانی کەسێك دەوترێت، کە لە دوای ئەو ناوی باوکی دێت، ناو لێرە ئاگادارمان دەکاتەو پێشدادوەر پێمان دەڵێت، کە هەرچەندە ژن نۆ مانگ ئەزیەت بخوات یان دواتر لە پێگەیاندنی منداڵدا پشکی شێری بەر بکەوێت، ئەوە باوکە وەکو بەشێك لە موڵکەکانی دەبێتە خاوەنی. ئەوە ناوەکانی( نەرمین یان ئازاد)ە پێش تاپۆکان پشکە نایەکسانەکان لە میرات دابەش دەکەن. ئەوە ئاینە لە ڕێگەی ناولێنانەوە پلەدووی ژنمان پێ ڕادەگەینێت، کاتێك مێ  لێی قەدەخە کراوە هەڵگری ناوی ( ڕەحمان، ڕەحیم، غەفور ،عادل.. هتد) کە هەموویان ناوی خوان و خواش وەکو نێرینە تەماشا دەکرێت نەك مێینە. ناوی یەکێکی تر (هێمن) بێت کە چی ئەو نەك هێمن نییە، بەڵکو بە هیچ کەسیش و بە هیچ جۆرێك

ناتوانێت تا سەر هێمن بێت. یەکێك (ئازاد)ە کەچی لە ژیانکردن بە زەبری هەڕەشە و تۆقاندن توانای بەزاندنی سنووری چەند پارێزگایەکیشی نییە. گەر بپرسین واتای ئازادی چی دەگەیەنێت، چەندین پێناسەی جۆراو جۆر دەبیستین هەر یەك بە چەشنێك، ئیتر ئازاد ناو کام چەشنە پێناسە بێت؟ گەر کەسێك ناوی ( شرین) بێت کە ناکرێت لای هەموو کەسێك ئەم چێژەی هەبێت، کە هەندێك جاریش مرۆڤ بێ تاڵبوونی سەرکەوتوو نابێت. هەر ناوێك هەڵبژێری بەدڵنیایەوە ناتوانێت هەمان واتا ببەخشێت بەردەوامی هەمان واتا بێت.

لێرەدا پرسیاریك بە دوو جۆر دێتە ئاراوە؛ ئایا ( ناو) لە زماندا لەتەك جیاکارییە چینایەتی و ڕەگەزی و نەتەوەی و ڕەنگی پێست.. هتد هاتووەتە بوون؟ یان لەتەك چێژی جیاواز و سیما نادووبارەکان و شوێنە لەیەك نەچووەکانەوە هاتووەتە بوون؟ دیارە ڕەخنەکان لەسەر دووهەمین پرسی فەلسەفەی بوونی ناو نییە ، داوای گۆڕانیش لەسەر ئەمە نییە . بەڵکو قسە لەسەر شۆڕشێکە ، کە دەبێت (ناو) لە زماندا لە نییەتە ئاینی و ڕەگەزی و چینایەتی و پیرۆزکردن و ستەمکاری فۆرمی هەڵخەڵەتێنەر و پەڕاوەی تاپۆکان و خاوەندارێتی وەچەکان و داگیرکاری ئاکاری ئاژەڵان و خەونە بە دەست نەهاتووەکان و سەرسیمابوونی دایك و باوکەکانیش، پاك بکرێتەوە. لەیەك ڕستەدا (ناو) دەبێت لەتەك واتای مرۆیی خۆی جووت نیشان بدات.

دەکرێت بیری من بۆ ژمارە بڕوات، بۆ ناکرێ ژمارە ببێتە ناوێك بۆ مرۆڤە زیندووەکان وە ئیتر لێگەڕێین ژمارە چێژی خۆی بڵێ نەك بڵێین شیرین بەڵام لە ژەهریش تاڵتربێت یان بڵێین (سەردار ) و (ژێردار) بە کەم بزانین. دەکرێت ئەمە پێشنیازیك بێت نەوەی داهاتوو بە پراکتیکی بگەن بەوەی کە گونجاوە یاخود نا ، دەکرێت ناوی کەسێك بەم جۆرەبێت (27.س.ع) کە ژمارە(27) کە مرۆڤەکەیە و (س) هێمای شاری سلیمانیە کە شوێنی لە دایکبوونیەتی ، (ع) وڵاتەکەیە عێراق ، دیارە ئەمە پێشنیارێکی بە دیقەت نییە، بەڵام مەبەستی من جوڵاندنی پرۆژەیە. چونکە هەر لە ناو ئەم پێشنیارەدا ڕەنگە کەسێك بڵێت چۆن گۆرانی ( فاتیمە دووچاوی مەستت ) بڵێم یان کەسێك بڵێت ئەی باوك و دایکم کێیە؟ بەهەرحاڵ من پێشنیارم بۆ بزواندنە و بیرۆکەیە نەك بۆ پراکتیزەکردن لەسەر مرۆڤێك، کە هێشتا جیهانبینی ئێستای دنیایەك گرفتی هەیە.

لەوانەیە بوترێت نامۆیی (ناو) لە زماندا زادەی بوونی مرۆڤە لە ناو دنیا جیاواز و نا دادپەروەرییەکاندا . هەروەها گۆڕینی ئەم دنیا پێچەوانەیە گەرەنتی گۆڕینی جیهانبینی مرۆڤە لە بوونیدا. نەك شۆڕش لە کەرەسەکانی مرۆڤ دەتوانێت دنیای بگۆڕێت. بەڵام بڕیارە کێ ئەمە بکات، مەگەر هەر ئەو مرۆڤە نییە ؟ بۆ کەسێك هەیە لە دەرەوەی ئەو دنیا پێچەوانەیە بێت؟ ئایا ئەو دنیا پێچەوانەیە، کە کەرەسەکانی بە لنگاووچی واتا دەبەخشن چۆن دەتوانێت بە بوونی یان بە هەمان کەرەسە شۆرشی بوونیادی مرۆیانە ئەنجام بدات؟ کەواتە کەرەسەکانی مرۆڤی خاوەن دیدگای گۆڕان و ڕەخنەگر دەبێت ئیش

لە دووبارە بنیاتنانەوەی کەرەسەی مرۆڤایەتی بکات  شانبەشانی گۆڕانە ڕیشەییە مرۆیەکانی تر هەنگاو بنێت.

( ناو) لە زماندا هەمیشە مرۆڤی دۆنکیشۆتی بەرهەم هێناوە، دیارە مەبەست بەس ناوی مرۆڤ نییە وەك تاك بە تەنها بەڵکو ناوی گرووپەکانیش هەمان ئاکاریان هەیە . بۆ نمونە کاتێ کەسێك هەڵگری ناوی باپیری پێدەبەخشرێت یان ناوی پەیامبەرێك ئیتر لەتەك پێگەیشتنیدا لێدەگەڕێین خۆی بێت یان داواکاری لێدەکەین هەڵگری ناوی زادەی باپیری بێت، کە زۆر  جار گەوجانە بارێکی دەروونی بۆ دروست دەکەین تا هەڵسوکەوتیشی لە باپیری بچێت ، بۆ بزووتنەوە سیاسیەکانیش هەروایە بۆ نموونە گرووپێك کە ناوی (کۆمۆنیست) لە خۆ دەنێت ، کاتێك لە کۆنگرەیەکدا ناوکی بەم ناوە دووبارەیە دەبڕێت، ئیتر پەرتووکبەدەستەکانی مامانی ناوەکە قوژبنی خەسڵەت و پەڕاوە کۆمۆنیستییەکان دەگەڕێن، کە چۆن بووە جاران  بە پێوانە هەرە لە مێژەکەی دەست و پێی و  سەری هەموو ئەندامانی گرووپەکەی پێ ڕەنگ دەکەن. بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن "مرۆڤ  یەکجار لە ڕووبارێك مەلە دەکات"، ئیتر ئەم ناوە پێناسەی دۆنکیشۆتی دەداتە دەستی سوارچاکەکانی سەرکەردایەتی و ئەسپی خەبات و شۆرش تاو دەدەن، هەموو ناوی ڕۆژنامە و دەزگەکانی چاپ و گروپی خوێندکاران و  نەوەکانیان، گەر ناوی یەکەمیان کۆمۆنیزم نەبێت، ئەوە دووەم ناوی هەر دەبێت ئەو بێت . وەك ( خەباتی کۆمۆنیستی، پراڤدا، پەیامی کۆمۆنیزم ، نینا ، ئۆکتۆبەر ، کۆمۆنیزمی کرێکاری ،.. .هتد) بەڵام لە ناوەڕۆکیشدا ڕەنگە مارکس حاشا لە هەموویان بکات. چوونکە زۆریان لە ڕووبارێکدا مەلە دەکەن ئەو هەر پێیشی تێنەخستووە.

دیارە هەڵگری (ناو) هەرچەندە هەندێك جار مایەی سەربەرزی بۆ خاوەنەکەی بە حیساب هێنابێت، بەڵام زۆر جاریش مایەی نەگەبەتی بووە بۆی. زۆرن ئەو ناوانەی لە شەڕی ناخۆی یەکێتی و پارتی یان شەقیان خواردوە یان کوژراون یان نان بڕاوکران، وەك زۆرێك لە (عەلی و عەباس و عومەر ) ناوەکان کە لە ناوچەکانی تری عیراق بە دڕێل سەریان کوون کرا. . وەك چۆن ئەم ناوانە لەو گرووپ و کەسانە دەنرێنەوە، دەبنە مایەی ڕەقابەت لەسەر خاوەنەکانیان بە هەمان شێوە دەبێتە بارێکی گران، کە سایەیەکی قورس و ئەفسوناوی بەردەوامی لەسەر مرۆڤەکان  دەبێت، چ وەك تاك چ وەك گرووپ بە ئاسانی و بە جەرائەتەوە ناتوانن لەو ناوە دەستبەرداربن، کە ناوێکی پڕ بە دڵ و تواناو خەسڵەت و ئاکاری بە خۆیان ناو لێبنێن.

 ئایا ئەمە پێویستی بە شۆرش نییە تا مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ دروست بکەیت، بۆ ئەوەی لەسەربازەکانی زمان سەنگەر بگرێت؟ ئایا ئێستا قسەکانی من ڕۆشنترن، کاتێك دەڵێم جارێ دەبێت کەرسەکانی مرۆڤ لە نامۆبوون ڕزگار بکەین. وە خەسڵەتی کۆنەپارێزی (ناو) هەڵوەشێنینەوە. ببین بە خاوەن زمانێك واتای خۆی ببخشێت.  (کردار) بکەین بە واتاسازی زمان. من پێموایە ئەمە جەنگە هەرچەندە لە ناو

زماندایه، بەڵام کەم نین ئەوانەی کە ڕووبەڕووت دەوەستنەوە هەر لە سەرەتاوە مرۆڤەکانی پەنادەستی خۆت، کە بێئیرادەبوون بۆیان بۆتە نەریت و ناوی کەس و باپیران و بزووتنەوەکانیان بە شێوەیەك پیرۆز کردوە، وەك بتپەرستان ژیانیانی کۆت کردووە، کە پێیانوایە ئەگەر خۆیان بن ئیتر ڕێگەی چوونەوە ماڵیش بزر دەکەن، سەرەڕای ئەم گرووپەی دژە گۆڕانە ، سیستەمە پێچەوانەکەی کۆمەڵگەش کە کاری ڕزگاربەخش لە نامۆکراوەکانی ژیانمان بە چەقی هەرەس و ڕوخانی خۆی دەزانێت، ئەویش سەرکردەی شەڕی دژە گۆڕانی ناو زمانە.

ئەگەر مرۆڤی داهاتوو بیر لە گۆڕان بکاتەوە بەبێ چوونە ڕۆخی شێتانەی پێکهاتەی زمان ، بە ڕووی مرۆڤایەتیدا هەڵنەشاخێت، کە چۆن ئاوها زمانێکی پڕ درۆکاری هێناوەتەبوون. ناتوانێت فرسەخێکیش لە ڕزگاری مرۆڤ لە نامۆیی نزیك بێتەوە. بۆ ئەم جەنگە پێویستی بە زۆرێك لەسەرباز و جەنەراڵ هەییە ، من شەڕی زمان بە یەکێك لەو شەڕانە دەزانم، کە جەنگاوەربم تێیدا هەر لە ئێستاوە بە تیخەکەمەوە هەڵدەکوتمە سەر (زمان) و دای دەپاچم و دەڵێم (ناو) بەرزڕاگرتنی سنووره ژێندەرییەکانە. (ناو) تاپۆی موڵکەکان و میراتی نەوەکانە. (ناو) درێژکردنەوەی پیرۆزی خوێنی پیاوە لەناو وەچەدا سەرکردایەتیانە . ناو زیندووڕاگرتنی بەهاکۆمەڵایەتییە بەسەرچووەکانە. ناو بزربوونی پێناسەی مرۆییە. ناو جێگرەوەی مەملەکەتی بێناوەڕۆکی واتاکانە. داگیرکردنی شوناسەکانی ئاژەڵ و گیانداران و زریان و خوا و مردوەکانە. (ناو) فەنتازیای خەیاڵاتی مرۆڤە گەوجەکانە. مڕەی ناوەڕۆك و خۆرەی بەهاکۆمەڵایەتییەکانی زمانە. (ناو) مرۆڤی شڵەژاوی ناو بێواتاییەکانی ناو زمانە .